www.kurdistannet.org
14-2-2007 21:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مایکل شوماخەر بوو بە سەرۆکی تیپی فیراری ... ئەنوەر خەراجیانی



ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بەناوی (ئۆتۆ مۆتۆڕ ئاوند سپۆرت) لەم هەفتەیەدا بڵاوی کردۆتەوە شۆفێری ئەڵمانی بەناوبانگ مایکل شوماخەر کە پاڵەوانی پێشبڕکێی فۆرمیلە وان بوو حەوت جار، پێش بینی دەکرێت بەم زوانە ببێت بە سەرۆکی تیپی فیراری. ڕۆژنامەکە ڕوونی کردەوە کە شوماخەر بەشداری لە ئامادەکاری یەکانی تیپی فیراری دەکات بۆ ساڵی 2007 ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە شوماخەر ئامادەیە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی تیپەکە. ئەوەی شایانی باسە شوماخەر بۆ ماوەی 11ساڵ پێشبڕکێی بە سەیارەی فیراری کردوە پێش ئەوەی لە ساڵی ڕابردوودا واز بهێنێت وە لەگەڵ تیپەکەیدا 5 جار نازناوی پاڵەوانی جیهانی هێناوە بەدوای یەکدا لە نێوان ساڵەکانی 2000 – 2004.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.